ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

# قیبلە

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

ژمارە
سفر

# قیبلە

د. عومەر عەلی

ناوی کتیب: قیبلە
نوسەر: عومەر عەلی
دیزاینی ناوەوە: تووانا ئەحمەد
دیزاینی بەرگ:
چاپخانە:
تیراژ:
نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

بسم الله الرحمن الرحيم

(قَـدْ نَـرَىٰ تَقَلُّـبَ وَجْهِـكَ فِي السَّـمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّـكَ قِبْلَـةً تَرْضَاهَـا فَـووَلِّ وَجْهَـكَ شَـطْرَ الْمَسْـجِدِ الْحَـرَامِ وَحَيْـثُ مَـا كُنتُـمْ فَوَلُّـوا وُجُوهَكُـمْ شَـطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِيـنَ أُوتُـوا الْكِتَـابَ لَيَعْلَمُـونَ أَنَّـهُ الْحَـقُّ مِـن رَّبِّهِـمْ وَمَـا اللَّـهُ بِغَافِـلٍ عَـمَّا يَعْمَلُـونَ)

# دەستپێك

زۆر لـــە کەســـایەتیە سیاســـی و دینیـــەکان کاتێـــك دەچنـــە تەمەنـــەوە دەســـتدەکەن بـــە نووســـینەوەی ئەزموونەکانیـــان بـــۆ ئـــەوەی وەچەکانـــی داهاتـــوو لێـــی ســـودمەندبن، بەشـــێکی زۆر لـــە بەرهەمـــە زانســـتی و مرۆیـــی و فکریـــەکان جێمـــاوی ئـــەو کەســـانەن.

هەشـــبووە لـــە مێـــژوودا کاریگـــەری بەهێـــزو بەرچـــاوی هەبـــووە بـــەڵام درەنـــگ کارکردنـــی لـــەم بـــوارەدا بـــە مردنـــی بەرهەمـــەکان تەنهـــا لـــە بیـــری ئـــەو وەچـــەدا وەك ســـود ماونەتـــەوەو ئێســـتە ئێمـــە پێیـــان ئاشـــنا نیـــن، بـــە تایبـــەت لـــە کۆنـــدا کەرەســـتەکانی گەیانـــدن بـــە وەچەکانـــی داهاتـــوو زیاتـــر نووســـین بـــووەو زەحمەتیـــش بەرهـــەم هاتـــوون، دواتـــر بـــە فراوانبوونـــی کەرەســـتەکان و تۆمـــاری دەنگـــی و دواتـــر ڕەنگیـــش ئێســـتە پاســـاوی گەیاندنـــی بەرهەمـــەکان بـــە وەچەکانـــی داهاتـــوو کەمتـــر بووەتـــەوە، چـــوون هەیـــە دەســـتی نووســـینی نـــی یـــە دەتوانێـــت بـــە دەنگـــی بێـــت و لـــە ڕێگـــە جیاوازەکانـــەوە بەرهەمەکانـــی هـــەم بـــە وەچەکانـــی داهاتـــوو وە هـــەم بـــۆ مەودایەکـــی فراوانتـــر بگەیـــەن، خـــۆ ئەگـــەر وەریشـــگێڕێت بـــۆ زمانەکانـــی تـــر بێگومـــان بـــە ســـودترو فراوانتـــر دەبێـــت، ڕاســـتگۆی لـــە کارەکانـــداو بـــە ڕۆحیەتـــی پاکـــەوە گەیاندنـــی دواتر خـــوای گەورە

کەسانی تری بۆ دروست دەکات ئەو ڕێگە خێریە فراوان و درێژتر بێتەوە، وەك دەبینین کەسێك لە کوێدا بەرهەمەکەی جێهێشتووە کەسێکی تر لەوێوەی بەردەوامی پێداوە، وە زۆر لەو بەرهەمانە هەبووە دوای سەدەیەك وەرگێڕاون و ئێستەش کاریگەری ئەوتۆی خۆیان لە ژیانی چینێکی زۆری کۆمەڵگەدا هەیە، هەتا هەبووە لە بواری یاسادانان و حکوومەتیشدا سودی ئەوتۆی خۆی هەبووە...

تا زوو مرۆڤەکان خۆیان کۆکەنەوەو کارەکانیان بخەنە ئەو چوارچێوە سودبەخشەوە بە تایبەت ئێمەو مانان کە بڕوای تەواومان بە پاداشتی ئەم کارانە هەیە هێشتا هەر درەنگە، گەرچی وەك تەمەن و ئەزموونیش لەوانەیە من منداڵ بم بۆ دەستپێکردنی ئەم کارە بەڵام مردن کات و ساتی بۆ نی یەو زووکردنی کارەکان گەر پێشتری نەخات دوای ناخات، وە لەگەڵ ڕۆشتنی تەمەندا کارەکانی داهاتووش هەر لەسەر هەمان چوارچێوە دەبێت و مردنیش هەرکات یەخەی گرتین کارەکان بە مردن نەفەوتێت، گەرچی بە بڕوای من ئەو گومانە لە بەرانبەردا هەبێت بەڵام خۆم دەزانم چەند کارم فەوتاون و بەهۆی بەرنامەی قیبلەوە دەتوانم گەر هەمووشی نەبێت بەشێی زۆری بگەڕێنمەوەو یەشتا دەرفەت لەبەردەمدایە گەر خوای گەورە مۆڵەت بدات.

ژیان تاقیکردنەوەیەکی خوایی یە،لە خۆشی، ناخۆشی،

لەش ساغی، نا ساغی، جێگیری، ئاوارەیی، خوێندەواری، نە خوێندەواری، ژن و منداڵ، نەبوونی ژن و منداڵ، دەستەڵات، بێ دەستەڵاتی، کاتداری، بێ کاتی، شتوومەك، بێ شتوومەکی... تاد

هەموو ئەوانەی سەرەوەو زۆری تریش دەرچوون لە تاقیکردنەوەکەی دەرئەنجامی خۆی هەیە، هەیە وەك قوتابی تەمەڵ بەلایەوە ئاساییە بکەوێت و زۆریش پێی خۆشە هەر نەخوێنێت و واز بهێنێت، هەیە هەر ئەوەندەی بزانێت دەردەچێت هەوڵ دەدات، هەشە پێی خۆشە لە پێشەنگەکان و دیارەکان بێت، هەشە کەمتەرخەم بووە لە ڕابردوداو گەڕاوەتەوەو نایەوێت چیتر لە بەدبەختی ڕابردوودا بژێتەوە...

هەروەك هەشە ژیانی بۆ خوا سوڵحاوەکانی ڕابردووی لە پێش چاوەو دەیەوێت ئەمیش خشتێك لە جێگەیەکی دروستدا دابنێت و تا دوای خۆی خەڵکی ڕەحمەتی بۆ بنێرن و ببێت بە چاکەیەکی بەردەوام بۆی...

سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەی خوای گەورە داوای کۆمەڵە کارێك لە مرۆڤەکان دەکات، هەیە تەنها بە باوەڕبوون بە دڵ خۆی لە کارە گرنگەکانی تر دەدزێتەوە، هەیە باشتر تێگەشتووەو دەڵێ نا باوەڕ ئەگەر ڕاست بێت دەبێت کرداری بەدوادا بێت، هەشە فراوانتر لە کارەکان تێگەشتووە دەڵێ ڕاستە نوێژو عیبادەت کارگەلێکی زۆر باشن بەلام تەنها ئەوانە بەس

نـی یـە، چـوون عیبـادەت بـۆ خۆتـەو كارگەلێـك كـە ببێتـە مایـەی ڕێنموونـی دەوروبـەر ئەویـش هـەر داواكـراوە، هەیـە جوانتـر لـە ڕاسـتیەكان تێـدەگات و دەڵـێ سـەركەوتن لـە تاقیكردنـەوەكان سوپاسـگوزاری خـوای گـەورەی دەوێـت، سوپاسـگوزاریش نابێـت هـەروەك باوەڕەكـە تەنهـا لـە دڵـدا بێـت و باشـترە بـە كـردار ئـەوەش دەربخرێـت، جگـە لـەوەی سـەرقاڵی بـە كاری چاكـەوە ئارامـی بـە دڵـەكان دەبەخشـێت و هەوێنـی كارە گشـتیەكانە... بـۆ نموونـە سوپاسـگوزاری لـە كارەبـا، ئەنتەرنێـت، كۆمپیوتـەر، گشـت ئـەو كەرەسـتە خزمەتگوزاریانـە تەكنەلۆژیـای سـەردەم بەرهەمـی هێنـاوە چـۆن بكرێـت؟ هەیـە تەنهـا وەك كەرەسـتەیەكی خۆشـی بەكاریـان دەهێنێـت و بەدیـار تۆڕێكـی كۆمەڵایەتی وەك فەیسـبووك گشـت كاتەكـەی بـە شـتگەلێك دەكوژێت دواتر بەشـی ئیسـراحەتە دونیایەكـەی خۆشـی ناهێڵێتـەوە چ جـای قیامـەت، هەشـە لـە خەوەكـەی خـۆی دەگرێـت بـۆ بەكارهێنانـی لـە ڕێگـەی دەعـوەو ڕەواندنـەوەی گومـان و یارمەتـی دانـی خەڵكیـدا...

كـورت و پوخـت خۆشـبەحاڵی ئـەوەی ئیمـان بـە باشـی لـە دڵیـدا جێگیـر دەبێـت، دواتـر عیبادەتەكانـی بـە باشـی دەكات، لـە گشـت دۆخەكانـدا ئارامگـر دەبێـت و حەقـی نیعمەتەكانـی خـوای گـەورە بـە باشـی دەدات و لـەو كەسـانە دەبێـت دوای مردنـی كاری چاكـەی لەنـاو كۆمەڵگـەدا دەمێنێتـەوەو هـۆكاری ئیصلاحـی بـەردەوام دەبێـت.

# قیبلە چی یە؟

قیبلــە وەك نــاو وە جێگــە ڕوونە، کــە دەکەوێتە کەعبــەی پیرۆزەوەو لــە گشــت دونیــادا مســوڵمانان لــە نوێژەکانیانــدا ڕۆژی پێنــج جــار بەلانــی کەمــەوە ڕووی تێدەکــەن، قیبلــە ئــەو ئاراســتە ڕاســتەیە کــە خــوای گــەورە هەڵــی بــژاردوو وەك تاکــە ڕووگــەی ڕاســتی و ون نەکردنــی پەیامــە گەورەکانــی قورئــان، وە پەیــام لــەم ڕووگــەدا بــە گشــتی و کۆمــەڵ داوای یــەك ئامانجــی و یــەك ڕێگەییمــان لــێ دەکات کــە ئەویــش لــە قورئانــدا دەستنیشــان کــراوە بــە (صــراط المســتقیم) دەستنیشــان کــراوە...

کــە ســەیری قورئــان دەکەیــن، پەیامەکانــی وەك ڕووگەکــەی ڕوون و ئاشــکرایە، بــەڵام هەوڵێکــی دەوێــت بــۆ دەرخســتنی، هــەروەك چــۆن ڕۆشــتن بــۆ کەعبــەی پیــرۆزو نزیکــی لــە قیبلــەوە هەوڵــی دەوێــت...

ئیســلام بەرنامەیەکــی زۆر پتــەو بــە پلانــە، فێرمــان دەکات چــۆن ســود لــە نیعمەتەکانــی خــوای گــەورە وەرگریــن و چــۆن ســود لــە دونیــا وەرگریــن و بیکــەن بــە بەهەشــت پێــش بەهەشــتی قیامەتــی، بــەڵام زۆرجــار مرۆڤــەکان خۆیــان حەزیــان بــە یــاری کردنــە بــە ئاگــر، کــە ئاگریشــیان تێبەربــوو ئەوســا خێــرا هــاوار دەکــەن...

*سـالآنێکی زۆرە سـوپاس بـۆ خـوای پـەروەردگار کـەم تـا زۆر بـە چەندیـن شـێوازی جـۆر بەجـۆر کاری دەعـوەو بانگوازیمـان هەیـە، وەك پێـش نوێـژ و ووتاربێـژ لـە مزگـەوت، کـۆڕو سـیمینار، نووسـینی کتێـب، نامیلکـە، بەشـداری لـە نووسـینی کتێبـی هـاوڕێ و دۆسـتاندا، نووسـین بـۆ ڕۆژنامـەو گۆڤـار و پێگەکانـی ئەنتەرێت،دامەزراندنـی کاری ڕاگەیاندنـی جۆربەجـۆری خێـر، فەیسـبووك و جێگـەی تریـش...

بەباشـم زانـی لـە ژێرناوێکـدا کارەکان زیاتـر پوخـت و بـە بەرنامـەی وردتـرەوە بکرێـن و ببێـت بـە ڕێچکەیـەك و بەردەوامـی لەسـەری تـا مـردن ان شـاء اللـە، زۆرجـار سـەرەتایی کارەکان بـە پەرشـوبڵاوی دەسـت پـێ دەکات و دواتـر ئەقڵیەتـی کۆکردنـەوە دروسـت دەبێـت، وەك لـە پیـاوە بـە ئەزموونەکانـەوە فێربوویـن، هەبـووە تـا مـردن فریـای ئـەو کۆکردنـەوە نەکەوتـووە، هەبـووە کۆتـا تەمەنـی بـۆی تەرخانکـردووە، بـەڵام باشـترە تـا زووتربێـت و لەسـەر ڕێڕەوێکـی دیاربێـت، چـوون مـردن کات و سـاتی بـۆ نی یـەو هـەرکات مـردن ئەمـری خـوای پێکـراو ڕۆحەکـەی بـردەوە بـۆلای خـۆی لەسـەر ئـەو بەرنامـەو کارەبێـت سـا بەڵکـو ببێتـە کۆتایەکـی بـاش حسـن الخاتمـە بۆمـان امیـن...

هـەروەك پێمـان چـاك بـوو ئـەو کارانـەی کـە دەیکەیـن ڕێگەی بڵاوکردنەوەکـەی فـراوان بێـت، بـە نووسـین و هەمیـش بـە دەنگی و ڤیدیـۆش بێـت، خـوای گـەورە یـاوەر بێـت هەوڵـی بـۆ سـەر

زوبانەکای تریش بدرێت بە تایبەت عەرەبی و ئینگلیزی...

زۆرن ئەوانەی گومان بڵاو دەکەنەوە لەسەر ئیسلام، قورئان، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت، پیاو چاکان، مێژووی ئیسلامی، بزاڤە ئیسلامیەکان...

ئەرکی شارەزایانیشە ئەوەندەی پێیان دەکرێت ئەو گومانانە بڕەوێننەوە لەژێر ڕۆشنایی قورئان و بە شیوازێك کە قورئان داوای کردووە، بە ئومێدی ئەوەی ببێت بە مایەی ڕێنموونی بۆ دەوروبەرو پوچەڵ کردنەوەی سیحرو جادوەکان...

# ڕێڕەوی کارکردن

گـەر سـەرنجی قورئـان یان ئیسـلام بـە گشـتی بدەیـن دەبینین کارەکان بەرنامەڕێـژی وردو درێـژی بـۆ کێشـراوە، هەمـوو کارەکان پەیوەنـدی ڕێکخسـتن و پتـەوی تێـدا دەبینێـرت، گشـت ئەوانـە پڕکـەرەوەی پێداویسـتیە مرۆییەکانیشـە.

بـە سـوود وەرگرتـن لـەو دەرفەتانـەی کـە ئیسـلام دایناوە ئێمـەش کارەکانمـان بـەوەوە گـرێ دەدەیـن سـا بەڵکـو بـە بەرەکەتـی ئـەو کاتانـەی کـە خـوای گـەورە جیایـی کردووەتـەوەو عیبادەتـی زیاتـر تێـدا جەختـی لەسـەر کـراوە ئێمـەش بـە تێکەڵی جەسـتەیی و ڕۆحـی کارەکانـی خۆمانـی تێـدا ئەنجـام بدەیـن، وەك مانگەکانـی ڕەمـەزان، ڕۆژانـی هەینـی، کـۆڕو کۆبوونـەوە ئاینیـەکان، تـا بتوانیـن کارەکانمـان بـۆ چینێکـی دیـاری کـراو بێـت وەك دەرچـەی ئەنجامدانـی کارەکان، وە دواتـر بـە نووسـین بێـت بـۆ خوێنـدەوارەکان و بمێنێتـەوە وەك خەیرێکـی نەبـڕاوە، وە بـە تۆمارکراویـش هەبێـت بـۆ نەخوێنـدەوارەکان و خەڵکیـش بـە گشـتی...

لێـرەوە بـە ئاگاییانـەی زیاتـرەوە دەسـتپێدەکەین و تا ئـەو کاتەی خـوای گـەورە ویسـتی لەسـەر بێـت و ئەمانەتـی ڕۆحەکەمـان لـێ دەسـتێنێتەوە ئەمـە ڕێـڕەوی کارمـان دەبێت...

کارەکانمـان بـە پێـی پێداویسـتی جێگـەی کارەکان دەبێـت، و

دواتــر بــە نووســین و تۆمارکراویــش بــڵاو دەبێتــەوە.
داواکارم لــە خــوای گــەورە ئەوەنــدەی تەمەنمــان خێــری تێدایــە بمانهێڵێتــەوەو لــە ڕێگــەی ئــەم کارانــەوە تــەرازوی قیامەتمانــی پــێ قــورس ببێــت و لــە دوای ئێمــەش کەســانێك دروســت بــن درێژەپێــدەری هەمــان ڕێــڕەو بێــت و قیامەتــی هەمووڵایەکمانــی پــێ ڕوونــاك بێــت..
گرنــگ لــە کاردا کــردارە نــەك نــاو، زۆر بەرهەمی بەســودو کۆنمان بەدەســت گەشــتووە بەبــێ ئــەوەی نــاوی نووســەرەکەی لەســەر بوبێــت خۆزگــە بــۆ نــاوی نوســەرەکە خــوازراوە، زۆرکەســانیش بەناوێکــی دیــاری کــراوەوە بەرهەمەکانیــان بڵاوکردووەتــەوە دواتــر خۆشــیان دەرکەوتــوون بەناچــاری بــەڵام بەرهــەم و کــردارەکان لــە پێشــتر بــووە نــەك ناوەکــە.

## قیبلە چی یە؟

قیبلە وەك ناو وە جێگە ڕوونە، کە دەکەوێتە کەعبەی پیرۆزەوەو لە گشت دونیادا مسوڵمانان لە نوێژەکانیاندا ڕۆژی پێنج جار بەلانی کەمەوە ڕووی تێدەکەن، قیبلە ئەو ئاراستە ڕاستەیە کە خوای گەورە هەڵی بژاردوو وەك تاکە ڕووگەی ڕاستی و ون نەکردنی پەیامە گەورەکانی قورئان، وە پەیام لەم ڕووگەدا بە گشتی و کۆمەڵ داوای یەك ئامانجی و یەك ڕێگەییمان لێ دەکات کە ئەویش لە قورئاندا دەستنیشان کراوە بە (صراط المستقیم) دەستنیشان کراوە...

# قیبلە

د. عومەر عەلی

٢٠١٨